حكومة اقليم كوردستان- العراق
وزارة المالية والاقتصاد
مديرية المالية العامة
م/ الدراسات و الابحاث

Kurdistan Region Government - Iraq
Ministry of Finance & Economy
General Directorate of Finance

حكومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی
ژ/ دیراسات و لێکۆڵینەوە

ژمارە: ٥٠٦٩/٤/١
ڕێکەوت/ ٩ / ئەشرین/ ٢٧١١ کوردی
ڕێکەوت/ ٢٩ / ٢ / ٢٠١٢ زایینی

## ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ٥ )

## بۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە پسپۆرییەکانی هەرێم

## ب/ پێشینەی کشتوکاڵی

بە مەبەستی زیاتر خزمەتکردنی جوتیارانی هەرێمی کوردستان و بوژانەوە و پێش خستنی کەرتی کشتوکاڵی بڕیارماندا بە هەموارکردنی ڕێنماییەکانی دارایی تایبەت بە پێشینەی بانکی کشتوکاڵی و بەم شێوەی خوارەوە پەیرەو دەکرێت :-

### مەرجە گشتیی یەکان :

١- قەرزی کشتوکاڵی ئەو جوتیارانە دەگرێتەوە کە تا ئێستا زەوی یەکانیان (تسویە) نەکراوە یا گرێبەستی کاتی یان هەیە بەم مەرجانەی خوارەوە :

ا- پشتگیری ئەنجومەنی گوندی هە بێت.

ب- لاری نەبونی میراتگرەکانی نەگەرهەبێت.

ج- پشتگیری کردنی فەرمانگەی کشتوکاڵییەکانی ناوچەکە| بەشی زەوی |کێشەی نەبێ.

د- زەویەکە هێلکاری (مرتسم) هەبێت لەلایەن ڕێپێوی کشتوکاڵی .

٢- بۆ بارمتە وەرگرتن بۆقەرزی پرۆژەی بچوك لە(١٥) ملیۆن دینار کەمتر بەکەفالەی کەسیەتی (موچەخۆری میری پلە یەك و سەرەوە)جێ بەجێ دەکرێت لەجیاتی ڕەهن کردنی موڵك بۆئەوەی هانی جوتیارانی کەم دەرامەت بدەین . وە بۆ ئەو پرۆژانەی قەرزەکەی لە (١٥) ملیۆن دیناربەسەرەوەیە دەبێت موڵك ڕەهن بکات.

٣- لەکاتی فرۆشتنەوەی پرۆژەکان هەموو قەرزەکە وەردەگیرێتەوە واتە (تدویر) ناکرێت . تەنها بۆ پرۆژە ستراتیجی یەکان نەبێ .

٤- ئەوجوتیارانەی ئامێرەکانیان بفرۆشنەوە ئەبێ هەموو قەرزەکە بەیەك جار بدەنەوە جارێکی تر قەرزیان پێ نادرێت.

٥- قەرزی کشتوکاڵی دەدرێتە جوتیاران بۆچەند تەوەری جۆراوجۆر بەمەرجێ لەسەقفی پارەی پێشینەکەم تێپەر نەکات.وەهەژمار دەکرێت بە(دیون ممتازە)وەنابێ تەمەنی لە(١٨) سال کەمتر بێت..

٦- بانکی کشتوکاڵی بۆی هەیە چاوپێخشاندن بە خەملاندنی پرۆژەکە بکات ئەگەر تێچوی پرۆژەکەی بە گونجاو نەزانی بە هەماهەنگی لەگەل بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ .

٧- ئەگەر جوتیار یاخود قەرزارەکە کۆچی دوایی کرد قەرزەکە لە میراتگرەکان وەردەگیرێتەوە بە هەمان شێوەی خۆی.

٨- قەرزی کشتوکاڵی دەدرێتە ئەوجوتیارانەی کە دەیانەوێت پرۆژەیەك ئەنجام بدەن کە پێویستی بەسەرچاوەی ئاو هەیە بەبێ مەرجی لێدانی بیری ئیرتوازی بە مەرجێ پێشترسەرچاوەی ئاوی هەبێت وەك(بیری سەرزەوی ،کانیاو، کارێز،جۆگەی ئاو، یاخود هەر پرۆژەیەکی ئاودێری).

١

Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phone: 2528254-2542011

سهام/ ٢٠١٢/٣/١٨
Email: gd_finance@yahoo.com

هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن : ٢٥٢٨٢٥٤-٢٥٤٢٠١١

٩ ڕەچاو کردنی خاڵەکانی (٣و٥و٦) ی ڕێنمایی دارایی ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠١٠/ .

١٠ سەبارەت بە ناوچەدابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان بەپێ ی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە /١٣٦٠لە ٢٠١١/٥/٢٤ قەرزی کشتوکاڵی دەیانگرێتەوە تەنها بۆ پرۆژەکانی (خانووی پلاستیکی و بیری ئیرتوازی و ئامێری ڕشاندن و ڕاکێشانی هێلی کارەبا ) بە مەرجێ :-

أ- ئەم قەرزە تەنها ئەو قەزاو ناحیانە دەگرێتەوە کە فەرمانگەی کشتوکاڵی و کارەبای سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانە .

ب - ئەو جوتیارانەی کە قەرزی کشتوکاڵی وەردەگرن دەبێ ڕەهنێکی خانووبەرە لە ناو هەرێمی کوردستان دابنێن بۆ دەستەبەری قەرزەکە .

١١- هەر پرۆژەیەك زیاتر لەساڵێك بەسەرداتێپەری و تەواو نەکرا دەبێت جوتیارەکە گشت قەرزەکە بگەڕێنێتەوە لە گەڵ (١٣٪) سوودی دواکەوتن لە پارەی وەرگیراو بدات.تەنها پرۆژە ستراتیجیەکان نەبێت کە پێویستی بە ماوەیەکی زیاتر هەیە بۆ ئەنجامدانی.

١٢- ئەگەر قەرزار پشکی قەرزەکەی نەداوە بەڕێوەبەرایەتی بەنکی کشتوکاڵی بۆی هەیە خاوەن پرۆژەکە لە لیستی ڕەش دابنێت و جارێکی تر پێشینەی بۆ خەرج نەکات . هەروەها بەڕێوەبەری بانك دەسەلاتدارە لە وەرگرتنی ئیجرائاتی یاسایی بۆ وەرگرتنەوەی قەرزی بانك بەپێ ی یاساو و ڕێنماییەکان .

١٣- کارنەکردن بە ڕێنماییەکان و نووسراوەکانی وەزارەتمان تایبەت بە پێشینەی کشتوکاڵی ئەگەر پێچەوانەی ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە بێت .

## ئەو تەوەرانەی قەرزی کشتوکاڵی دەیانگرێتەوە:-

## یەکەم / خانووی پلاستیکی

١- مۆڵەتی بەڕێوە بەرایەتی گشتی باخداری ودارستان وپاوانی هەبێت.

٢- کەرەستەی دروستکردنی دەبێت کوالێتی باش وستاندەر بێت .

٣- زەویەکان بەشە ئاوی خۆیان هەبێت لەهەر سەرچاویەك بێت

٤- ڕووبەری زەوی خانوەکە (٢٥٠٠) م٢ کەمتر نەبێت .

٥- ئەم قەرزە خەرج دەکرێت بۆ دانانی سیستەمی سارد و گەرمیش ئەگەر پرۆژەکە تیایدا نەبێت .

٦- (٨٠٪) ی تێچووی پرۆژەکە و بۆ سیستەمی (ساردی وگەرمی) خەرج دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە :-

أ- گوژمەی یەکەم (٥٠٪) لەگەل دەست پێ کردن وکرینی خانووەکان .

ب- گوژمەی دووەم (٥٠٪) لەدوای تەواو بوونی پرۆژەکە .

ج- ئەگەر قەرزەکە بۆ سیستەمی سارد و گەرمی بێت بە یەك گۆژمە خەرج دەکرێت .

د- قەرزەکە لەپاش یەك سال لە وەرگرتنی گوژمەی یەکەم بە پێنج قیستی وەك یەك وەردەگیرێتەوە.

## دووەم / بیری ئیرتیوازی :

بۆپرۆژەکانی بەروبومی (ڕووەکی و ئاژەڵی ) بەپێ ی مۆڵەتی ئاوی ژێر زەوی پارێزگادەبێت. ئەو بابەتانەی خوارەوە دەگرێتەوە .

ا-لێدانی بیر.

ب-پاکردنەوەی بیر.

ج- کێرسنك .

د-نوژەن کردنەوە .

هـ-تێست کردنی بیر.

و- دروستکردنی ژووری ترومپا .

ز- درووست كردنی حەوزی ئاو لە (١٠٠)م٣ كەمتر نەبێت .

ح- ئەوبیرانەی پێشتر لێدراون ومۆڵەتیان هەبوە ئەگەرترومپایان نەبوو قەرزەكە دەیان گرێتەوە وەهەروها بۆزوری ترومپا لەگەل حەوزی ئاو .

ط- قەرزەكە خاوەن ئاژەل دارەكان دەگرێتەوە ئەوانەی لە (١٠٠)سەرمەر و بزن یان (٢٥) سەر مانگا و گامێشیان كەمتر نەبێت .

قەرزەكە (٦٠٪) ی تێچوی پرۆژەكەی بۆ خەرج دەكرێت بەدوو گۆژمەبەمەرجێك لە(١٥)ملێون دینار زیاتر تێنەپەرێت وە لە (١٠)ملێون دینار بۆپێداویستیەكان تێنەپەرێت .

ا- گوژمەی یەكەم (٥٠٪) لە كاتی دەست پێكردنی هەلكەناندنی بیرەكە.

ب- گوژمەی دووەم (٥٠٪)كاتی تەواوبونی بیر لێدان

قەرزەكە پاش یەك ساڵ لەوەرگرتنی گوژمەی یەكەم بە (٦) قیستی ساڵانەی وەك یەك دەدرێتەوە.

## سێ یەم / باخداری :

مۆڵەت لەبەرێوە بەرایەتی باخداری و دارستان و پاوان وەردەگیرێت لەگەڵ هەبوونی نەخشە و دیزاینی تایبەت بە پرۆژەكە وە بەپێ ی رێنمایەكان نابێت لە دوو جۆر میوە زیاتر بچێنرێت .

قەرزەكە ئەم بوارانە دەگرێتەوە:-

ا- دابین كردنی سیستەمی ئاو دێری بە دلۆپاندن.

ب- دروست كردنی پەرژینی گونجاو .

ج- دامەزراوە پێویستیەكان وەك (ژوری پاسەوان ٢×٣ و كۆگا ٤×٦ + حەوزی ئاو+ ئامێری كشتوكالی+تورمپای ئاوی سەرزەوی ) .

د- كرینی نەمام .

هـ- نۆژەنكردنەوەی باخە كۆنەكان بەپی ی تەمەنی نەمامگە .

و- باغی مێوی پشتاوگر بەمەرجێك بەشێوەی حەرفی (تی)و پەروەردەكردن لەسەر تەل ئەنجام بدرێت.

قەرزەكە بە رێژەی (٧٠٪) ی تێچوی پرۆژەكە خەرج دەكرێت بەسێ گوژمە بەم شێوەی خوارەوە : -

أ- گوژمەی یەكەم(٢٥٪) لەكاتی ئامادەكرنی زەویەكە .

ب- گوژمەی دووەم (٥٠٪) لەكاتی تەواو بونی پەرژین.

ج- گوژمەی سێ یەم (٢٥٪) لەدوای تەواو بوونی پرۆژەكە .

قەرزەكە پاش پێنج ساڵ لەوەرگرتنی گوژمەی یەكەم بە (٥) پێنج قیستی وەك یەك وەردەگیرێتەوە .

د- رووبەری باخەكە لە (٥)دۆنم كەمتر نەبێت بۆدەشتایی وە لە (٣)دۆنم كەمتر نەبیت بۆ ناوچە شاخاویەكان .

## چوارەم/ نەمامگە

قەرزەكە ئەم بابەتانە دەگرێتەوە .بەمەرجی رووبەری لە(٣)دۆنم كەمتر نەبێت .

ا-پەرژینی گونجاو

ب-سیستەمی ئاودێری.

ج-خانووی پلاستیكی +سێبەرگا .

ئەم قەرزە رێژەی (٧٠٪)ی تێچوی پرۆژەكەی بۆ خەرج دەكرێت بەدوو گوژمە بەم شێوەیەی خوارەوە :-

أ- (٥٠٪) پاش پەرژین كردن .

ب-(٥٠٪) پاش كۆتایی پرۆژەكە .

قەرزەكە پاش یەك ساڵ لەوەرگرتنی گوژمەی یەكەم بە(٥) قیستی وەك یەك دەدرێتەوە.

## پێنجەم /ئامێری کشتوکاڵی: -

قەرزەکە ئەم بابەتانە دەگرێتەوە .

ا-تراکتۆری جۆری ئەوروپای رۆژاوا رێژەی (٦٠٪)ی نرخەکەی پی'دەدرێت.

ب-تراکتۆری جۆری تورکی رێژەی (٤٠٪) پێ دەدرێت .

ج- جۆرەکانی تر رێژەی (٣٠٪) پێ دەدرێت

بەمەرجێ جوتیار لە(٢٠) دۆنم زەوی کەمتری نەبێت یا(٢٠٠)سەرمەروبزنی هەبێت .

د-تراکتۆری باغ جۆرەکانی بەهەمان رێژەی سەرەوە خەرج دەکرێت بەگوێرەی دروست کراوی وڵاتەکان .

هـ-قەرزەکە پاش یەك ساڵ بە(٥)قیستی وەك یەك وەردەگیرێتەوە.

و-دروێنەر تەنها ئەو جۆرانە دەگرێتەوە (کە لە دروست کراوی ئەوروپای رۆژ ئاوا بێت)وە رێژەی (٦٠٪) ی نرخی کڕینی بۆ خەرج دەکرێت .

ز-ئامیرەکان نابێ لە دروست کراوی ساڵ (٢٠١٠) کەمتر بێت وەنەبێ کیلۆمەتر (سفر) بێت.

ح-جوتیار دەتوانی دوو پاشکۆ بکرێت لەگەل تراکتۆرەکەی بەپێ ی پێویستی پرۆژەکە .

قەرزەکە بە (٥) قیستی سالانە وەك یەك وەردەگیرێتەوە پاش یەك ساڵ لەوەرگرتنی گوژمەی یەکەم .

ط-پێش خەرج کردنی پارەی ئامێرەکەنەبێ تۆمار بکرێت لەبەرێوە بەرایەتی هاتوچۆی پارێزگاکان وەنەبێ نیشانەی گلدانەوەی بخرێتە سەری تا کۆتایی دانەوەی قەرزەکە.

## شەشەم/ سیستەمی ئاودێری|رشاندن +دلۆپاندن

ئەوجوتیارانە کە سیستەمی ئاودێری بەکاردینن دەبێ رووبەری زەویەکانیان لە (٣) دۆنم کەمتر نەبێت .

هەموو جۆرەکانی دەگرێتەوە لەگەل ترومپای ئاوی سەر خاك بۆسەر روبارەکان سیستەمەکانی ئەوروپای رۆژئاوا (٥٠ )پەنجا ملیون دینار تێپەر نەکا بۆ محوەری بۆ جۆرەکانی دیکە لە (٣٠)سی ملیۆن دینار تێپەر نەکا و بۆ دلۆپاندن لە (١,٢٥٠,٠٠٠)یەك ملیون و دوو سەد و پەنجا هەزاردینار تێپەر نەکا بۆ یەك دۆنم.

رێژەی (٨٠٪)ی تێجوی پرۆژەکەی بۆخەرج دەکرێت بەدوو گوژمە بەم شێوەیە : -

ا-(٥٠٪) لەگەل کڕینی ئامێرەکان .

ب-(٥٠٪) پاش دامەزراندنی ئامێرەکان .

قەرزەکە بەقیستی(٦) سالی وەك یەك وردەگیرێتەوە پاش یەك ساڵ لەوەرگرتنی گوژمەی یەکەم .

## حەوتەم / هەنگەلان :

داواکاری پرۆژە دەبێت :-

أ-شارەزایی هەبێت لەبواری پەروەردە کردنی هەنگ و لایەنەکی باوەر پێکراو پشتگیری بکات بە تایبەتی کۆمەلی هەنگەوانان .

ب-پەروەردە کردنی هەنگ لە سندوقدا پیادە بکات .

ج شوێنیکی شیاوی هەبێت بۆبەخێوکردنی هەنگ وکێشەی زەوی نەبێت .

د- مۆلەتی فەرمی هەبێت بۆدروست کردنی هەنکەلان لە بەرێوە بەرایەتی گشتی کشتوکالی پارێزگا/ ،پاراستنی روەك وەپلانی ئامادە کراوی هەبێت بۆپرۆژەکە .

هـ-هەنگەوان دەبێت لە (٢٥)کورە هەنگ یا (صندوق) ی کەمتری نەبێت .

قەرزەکە ئەم بابەتانە دەگرێتەوە:

١-کڕینی سندوقی بەتاڵ

٣-دروستکردنی ژوری کۆگا ٦×٤ مەتر دووجا.

٤- دروستکردنی ژوری فەرزی هەنگوین ٦×٤ م٢

٥- کرینی کورەی هەنگ

٦-بەرژین کردنی هەنگەلآن

٧-کرینی دەرمانی دژی نەخوشیەکانی هەنگ.

٨-کرینی مولیدەی کارەبا لە KV١٠ زیاتر نەبێت.

٩-دروست کردنی سێبەرگا بە پێوانەی ٦×٢٠ م٢

قەرزەکە ڕێژەی (٨٠٪) تێچوی پرۆژەکەی بۆخەرج دەکرێت بەدوو گوژمە بەم شێوەی خوارەوە:-

ا-(٢٥٪) دەستپێکردنی پرۆژەکە.

ب-(٥٠٪) تەواو کردنی سێبەرگا و پەرژین .

ج-(٢٥٪) لە کاتی تەواو بوونی پرۆژەکە

قەرزەکە بە (٥) قیستی سالانەی وەك یەك یەك وەردەگیرێتەوە لەپاش یەك ساڵ .

## هەشتەم / ساردخانە

ئەم پرۆژەیە بە پێ ی دیزاینی پەسەند کراو لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ئەنجام دەدرێت و قەرزەکەش بەپێ ی ئەم مەرجانەی خوارەوە خەرج دەکرێت :-

١-قەبارەی کۆگاکە دەبێتە بنەمایەك بۆ خەرج کردنی بری قەرزەکە بەمەرجێك رووبەری کۆگاکە نابێ لە (٢٠٠) م٢ کەمتر بێت .

٢-ڕێژەی (٧٠٪) ی تێچوی پرۆژەکەی بۆ خەرج دەکرێت بەسێ گوژمە بەم شێوەی خوارەوە :-

ا-ڕێژەی (٢٥٪) لەکاتی تەواو کردنی بادلۆ.

ب-ڕێژەی (٥٠٪) دوای دروست کردنی بینایەی کۆگاکە .

ج-ڕێژەی (٢٥٪) دوای دامەزراندنی ئامێرەکانو کارپێکردنی .

د-قەرزەکە بە (٨) قیستی سالانەی وەك یەك دەدرێتەوە لە پاش دوو ساڵ لە وەر گرتنی گوژمەی یەکەم

٣-بری قەرزەکە .نابێت لە(٥٠٠) پێنج سەد ملێون دینار زیاتر بێت .

٤- ئەم پرۆژەیە رەها دەکرێت بە پێ ی پێویستی ناوچەکان بۆ کەرتی تایبەتیش دەبێت یاخود چەند جوتیاریکی ناوچەکە بەیەکەوە تەنها بۆبەرهەمی سەوزەو میوە.

## نۆیەم/قەلەوکردنی گۆلك و بەرخ/

ئەم قەرزە دەدرێت تەنها بۆ دروست کردنی بینایە بەمەبەستی بەرهەم هێنانی گۆشتی سوور لە کوردستان وکەم کردنەوەی گۆشتی هاوردە لە دەرەوەی وولآت و بەپێ ی ئەم مەرجانەی خوارەوە :-

١-دەبێت خاوەن ئاژەڵ ڕەزامەندی دروست کردنی پرۆژەکەی هەبێت لە ب.گ.سامانی ئاژەڵ و ڤێتەرنەری .

٢- ووزەی پرۆژەکە لە (١٠٠) سەر گۆلك یا (٢٥٠) سەر بەرخ کە متر نە بێت .

٣-دامەزراندنی پرۆژەکە بە پێ ی ئەو دیزاین و دەرخستەیە بێت کە لە لایەن ب. گ. سامانی ئاژەڵ و ڤێتەرنەری لە وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو ئامادە دەکرێت

ڕێژەی ٧٠٪ ی تێچووی پرۆژەکە قەرزی دەدرێتێ بە (٣) گوژمە :-

أ-گوژمەی یەکەم ٢٥٪ پاش تەواو کردنی بادلۆ.

ب- گوژمەی دووەم ٥٠٪ پاش تەواو کردنی سەقفی بینایەکە .

ج-گوژمەی سێ یەم ٢٥٪ کاتی تەواو کردنی پرۆژەکە .

قەرزەکە بە (٥) قیستی وەك یەك پاش (٢) ساڵ لە وەرگرتنی گوژمەی یەکەم لێ ی وەردەگیرێتەوە .

## دەیەم/ پەرەپێدانی بەرهەمی ئاژەڵی شیردەر.

١- وەرگری قەرزەکە پێویستە خاوەن ئاژەڵ بێت و مۆڵەتی نوێ کرابێتەوە لە بەریوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتەنەری پەسند کرابێت.

٢- قەرزەکە ئەم بابەتانە دەگرێتەوە.

أ-دروست کردنی هۆڵی مانگا یا گامێش بەمەرجێ لە (٢٥) سەرکەمتر نەبێت.

ب-دروست کردنی هۆڵی مەرو بزن بەمەرجێ لە ٢٠٠ سەر کەمترنەبێت .

ج- کرینی ئامێری ( شیرمەمنی مۆبایل، دۆشین ، دروێنەری وێنجە ، دروستکردنی باڵە)

٣- قەرزەکە رێژەی (٧٠٪)ی تێچوی پرۆژەکەی بۆ خەرج دەکرێت بە سێ گوژمە بەم شێوەیەی خوارەوە: .

أ -(٢٥٪) لەکاتی دروست کردنی بادلۆ.

ب-(٥٠) لە کاتی دروستکردنی هۆڵ و دابین کردنی پێداویستیەکانی.

ج- (٢٥٪) پاش تەواو بوونی پرۆژەکە .

قەرزەکە بە(٥) پێنج قیستی ساڵانەی وەك یەك وەردەگیرێتەوە پاش دوو ساڵ لە وەرگرتنی گوژمەی یەکەم.

## یانزەهەم/ پرۆژەی پەلەوەر/

## ئەم بابەتانە دەگرێتەوە:-

١- بەخێوکردنی پەلەوەری گۆشت و هەڵهێنەر.

ا- پێدانی قەرزەکە بەپێ ی دیزاینی ئەندازەیی مۆڵەتی پێ دەدرێت لەلایەن بەرێوە بەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ وڤێتەرنەری و بەرێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان وبەدواداچون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ئامادە دەکرێت.

ب-رێژەی (٧٠٪) ی تێچوی پرۆژەکەی بۆخەرج دەکرێت بە سێ گوژمە :-

ا-(٢٥٪) بۆدروست کردنی بادلۆ .

ب-(٥٠٪) لەکاتی تەواو بوونی بینایەکە .

ج- (٢٥٪)دوای دامەزراندی تەواوی ئامێرەکان.

قەرزەکە بە(٥) پێنج قیستی ساڵانەی وەك یەك وەردەگیرێتەوە دوای دوو ساڵ لە وەرگرتنی گوژمەی یەکەم.

٢- پرۆژەی پەلەوەری دایکانەی گۆشت و هێلکە:

-رێژەی (٧٠٪)ی تێچوی پرۆژەکەی بۆ خەرج دەکرێت بەپێ ی ووزەی پرۆژەکە بەسێ گوژمە وە بە پرۆژ،ی ستراتیجی هە ژمار دەکرێت:

أ-گوژمەی یەکەم (٢٥٪) لە کاتی دروست کردنی بادلو .

ب-گوژمەی دووەم (٥٠٪) پاش دروست کردنی هۆڵەکان.

ج- گوژمەی سێ یەم (٢٥٪) پاش تەواو کردنی پرۆژەکە .

وەرگرتنەوەی قەرزەکان بە (٥) پێنج قیستی ساڵانەی وەك یەك دەبێت پاش دوو ساڵ لە وەرگرتنی گوژمەی یەکەم .

**٣- دروست کردنی کارگەی ئالیك:**

بە پێی مۆڵەت و دیزاینی گونجاو دەبێت.

-ڕێژەی (٧٠٪)ی تێچوی پرۆژەکەی بۆ خەرج دەکرێت بەپێ ی ووزەی پرۆژەکە بەسێ گوژمە وە بە پرۆژەی ستراتیجی هەژمار دەکرێت :-

أ-گوژمەی یەکەم (٢٥٪) لە کاتی دروست کردنی بادلۆ .

ب-گوژمەی دووەم (٥٠٪) پاش دروست کردن و تەواو بونی بنایە.

ج- گوژمەی سێ یەم (٢٥٪) پاش تەواو کردنی پرۆژەکە .

- وەرگرتنەوەی قەرزەکان بە (٥) پێنج قیستی ساڵانەی وەك یەك دەبێت پاش دوو ساڵ لە وەرگرتنی گوژمەی یەکەم .

**٤-نۆژەن کردنەوەی پرۆژەکانی پەلەوەر.**

بەمەبەستی نۆژەن کردنەوەی پرۆژەکانی پەلەوەر  کە لەسەر سیستەمی کۆن دروست کراون و مەرجەکانی تەندروستیان گونجاو نیە بۆبەخێو کردن قەرزیان بۆ خەرج دەکرێت بەپێ ی ئەم مەرجانەی خوارەوە :-

أ-پێویستە خاوەن پرۆژە مۆڵەتی نوێ کراوەی هەبێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتەرنەری وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو.

ب-نۆژەن کردنەوە هەمو شێوەکانی دەگرێتەوە.

ج- لێژنەیەکی پسپۆر لەم بوارەپێك دێت لەنوێنەری(ب.گ.سامانی ئاژەڵ وڤێتەرنەری + ب.ئەندازە لە ب.گ.پلان دانان وبەدواداچوون لە و.کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو + بانکی کشتوکاڵی) بۆدیاری کردنی هەموو کەموو کوریەکانی پرۆژەکە و دیزاین کردن  و خەملاندنی تێچوی پرۆژەکە .

د-ڕێژەی (٦٠٪)ی تێچوی نۆژەن کردنەوەی پرۆژەکەی بۆخەرج دەکرێت بەسێ گوژمە.

أ-گوژمەی یەکەم (٢٥٪) پاش دەست نیشان کردنی کەموو کوریەکان لەلایەن لێژنەی تایبەت .

ب-گوژمەی دووەم (٥٠٪) پاش کرینی پێداویستیەکان .

ج- گوژمەی سێ یەم (٢٥٪) پاش تەواو کردنی نۆژەنکردن .

**وەرگرتنەوەی قەرزەکان بە (٥) پێنج قیستی سالانەی وەیەك دەبێت پاش یەك ساڵ لە وەرگرتنی گوژمەی یەکەم .**

**دوازدەهەم/ بواری ماسی**

١-خاوەن موڵك یان خاوەن مافی هەلسوراندن وە ئەو کەسانەی کە گرێبەستیان هەیە لەسەر زەوی میری ئەم  قەرزە دەیان گرێتەوە بە پێی مۆڵەتی ب.گ. سامانی ئاژەڵ وڤێتەرنەری.

٢- پێویستە بەفەرمی بەشە ئاوی گونجاوی هەبێت بۆ بە خێو کردنی ماسی .

٣-رووبەری پرۆژەکە نابێت لەدوو دۆنم کەمتر بێت ، وە بۆ ئاوی سارد نابێت لە یەك دۆنم کەمتر بێت.

٤- (٧٠٪) ی تێچوی پرۆژەکە خەرج دەکرێت بەسێ گوژمە بەم شێوەی خوارەوە :-

ا-ڕێژەی (٥٠٪) پاش هەلکەندن و دروست کردنی بناغەی حەوزەکان .

ب-ڕێژەی (٢٥٪) لەکۆتایی پرۆژەکە .

ج-ڕێژەی (٢٥٪) لەکاتی تێ کردنی پەنجە ماسی لە حەوزەکان .

قەرزەکە بە(٥) قیستی سالانەی وەك یەك وەردەگیرێتەوە پاش دوو ساڵ لە وەرگرتنی گوژمەی یەکەم .

<u>**سێزدەهەم/ پرۆژەی قارچك**</u>

ئەم پرۆژەیە بەپێ ی مۆڵەتی بەرێوە بەرایەتی گشتی باخداری و دارستان و پاوان دەبێت.

ڕێژەی (٧٠٪) ی تێچوی بۆخەرج دەکریت بەدوو گوژمە بەم شیوەی خوارەوە :-

ڕێژەی (٥٠٪) لەکاتی دەستپێکردنی پرۆژەکە .

ڕێژەی (٥٠٪) لەکاتی تەواو بونی پرۆژەکە .

قەرزەکە بە (٥) پێنج قیستی سالانەی وەك یەك وەردەگیرێتەوە دوای یەك ساڵ لە وەرگرتنی گوژمەی یەکەم .

<u>**چواردەهەم/بەرووبومی دانەوێلە :**</u>

ا- ئەم قەرزە خەرج دەکرێت بۆ بەرووبومی (گەنمە شامی ، پاقلەی سۆیا –گولە بەرۆژە-بستەزەمینی (فستق الحقل).پەتاتە .

ب-نابێ رووبەری زەویەکە لە(١٠) دۆنم کەمتر بێت .

ج-ڕێژەی (٧٠٪) ی بەهای کرینی بنە تۆو سیستەمی ئاودان (پرژاندن)ی بۆخەرج دەکرێت

بەدوو گوژمە بەم شێوەی خوارەوە :-

١-ڕێژەی (٥٠٪) پاش کرینی بنە تۆ.

٢-ڕێژەی (٥٠٪) پاش تەواو بونی پرۆژەکە .

قەرزەکە بە بەیەك قیست وەردەگیرێتەوە دوای یەك ساڵ لەوەرگرتنەوەی گوژمەی یەکەم .

**پازدەهەم / ڕاکێشانی کارەبا و کڕینی موەلیدە**

١- قەرزەکە هەمو پرۆژەکان دەگرێتەوە بۆ ڕاکێشانی هێڵی کارەبا بە پێ ی کەشفێك لە لایەن فەرمانگەی کارەبای پارێزگاکان .

٢- ڕێژەی ٧٠٪ تێچوی پرۆژەکەیَ بۆ خەرج دەکرێت بە مەرجێ لە (٣٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت بە دوو گوژمە بەم شێوەی خوارەوە.

أ-ڕێژەی ٥٠٪ پاش کڕینی پێداویستیەکان.

ب- ڕێژەی ٥٠٪ پاش تەواو بوونی ڕاکێشانی هێڵەکە.

قەرزەکە پاش یەك ساڵ لە وەرگرتنی گوژمەی یەکەم بە چوار قیستی وەك یەك وەردەگیرێتەوە

بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا.

**بایز سەعید محەمەد**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وێنەیەك بۆ /**

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان/ ف .ك .کارگێری و دارایی/ بۆ زانین ... لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی دارایی ئابووری / ب.گ.دارایی (س) .. بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین ... لەگەڵ ڕێزدا .
- ئەنجومەنی دادوەری / بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی یە گشتییەکانی سەر بەم وەزارەتە / بۆ گشتاندنی ... تکایە .
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەرێم / هەولێر / دهۆك/ سۆران / ئاکرێ / زاخۆ / کۆیە / بۆ زانین و کاری پێویست ... تکایە .
- گشت بەشەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە .
- ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە .
- دۆسیەی سووراو .

١٧